# لیژنەی فەتوا ئەکتیڤ کردنی گەرەکە



**مەلا یونس باویانی**

هەبونی دەزگاو ناوەندێکی تایبەت لە رێکخستنو یەکخستنی پرسی فەتوادان کارێکی تا بڵێی گرنگو بایەخدارەو زەرورەتێکی هەنوکەییشە بۆیە دەبینین زۆربەی تەنانەت دەتوانین بڵێین سەرجەم ولاتە ئیسلامییەکان لەدەرەنجامی هەست کردنیان بەم زەرورەتە دامەزراوە وە دەزگای تایبەتیان بۆ ئەم پرسە هەستیارە دامەزراندوە لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆر وەکو ("دار الافتاء"و "مجمع الفقه الاسلامي... هتد") لەهەرێمی کوردستانیش سوپاس بۆ خوا لیژنەی باڵای فەتوا دامەزراوەو بوونی هەیە کە مایەی خۆشحاڵیمانەو جێی دەس خۆشیو شانازیە بۆ یەکێتی زانایان وەلێ ئەفسوس هەندێ هۆکاری ناوخۆییو دەرەکی بەرۆکیان پێ گرتووە نایەلن جێی پێی قایم بێو سەنگو قورسایی خۆی وەربگرێ رەنگە گەر خەمێکی لێ نەخورێو ئەکتیڤو کارا نەکرێ لەنێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان میسداقیەتو دەنگو سەنگی خۆی لەدەست بداتو جێی پێی لەق بێت بەتایبەت لەم دواییانەدا پرسی فەتوای پێشینەی خانووبەرە بووەتە خاڵێکی ئەکتیڤو ئیشکالیەتێکی بۆ لیژنەکە خولقاندووە لەناوبانگی داوە بەناجێگیریو لێدوانی دژ بە یەکی ئەندامانی لیژنەکە جا بەندە لە سۆنگەی دڵسۆزیو بەپەرۆشیو خەمخۆریەوە وە لەبابی (الدين النصيحة) وە بەپێویستم زانی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بخەمەروو بەئامانجی دەرخستنی لێژنەکە کە پێم وایە گەر بە جدیەوە دیراسە بکرێنو بخرێنە نێو بەرنامەی کارو پراکتیزە بکرێن بەشێکی زۆر لەو ئیشکالیەتانەی تێکەوتووە چارەسەر دەبنو پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدەست دەهێنێت:

یەکەم:- سەرلەنوێ رێکخستنەوەی لیژنەکەو فراوانکردنی بەشێوەیەك تا بکرێ نوێنەری زۆربەی شارەکانی کوردستان تێدا ئەندام بنو بوونیان هەبێ بەو پێوەرەی کەوا کەسانێکی بەتواناو پسپۆر بن لەبواری فیقهی ئیسلامیو فەتوا دان شارەزابن لەتیکرای مەزاهبی ئیسلامیو فیقهی موقارنو زانستە شەرعییەکان بە ئاگابن لە هەمبەر فەتواکانی مجامعو ناوەندەکانی فەتوای جیهانی ئیسلامی بەتایبەت ئەو فەتوایانەی کە قسە لەپرسە هەنوکەییو سەردەمییەکان دەکەن.

دووەم:- دارشتنی بەرنامەو لائیحەیەکی ناوخۆیی بۆ لیژنەکە کە تیایدا مەرجەکانی مافی بەئەندام بوون، ئەرکو مافەکانی ئەندامان، سنووری دەسەلاتو سزای سەرپێچی کردنی پەیرەو.... دیاری بکات لەدوایشدا بەلێنی پێوە پابەند بوونی لەئەندامان وەربگیرێ بەشێوەیەکی فەرمی.

سێیەم:- گەر بکرێ گەورەتر بکرێتو ناوەکەی بگۆردرێت بۆ هەر ناوێك کە لەسەری رێك بکەون سەربەخۆ بێتو ئیستغلال نەکرێت لەلایەن هیچ حیزبو لایەنو دەزگایەك بەشێوەیەك مولکی هەموو کوردستانیان بێتو خەڵکی بەدەم راستی خۆیانی بزانن لەژێر چاوەدێری سەرپەرشتیاری یەکێتی زانایان بێت بەهاوکاریو هەماهەنگی وەزارەتی ئەوقاف بەو مەرجەی دوور بێت لەدەست تێوەردانی سەلبی.

چوارەم:- زمان حاڵێکی بۆ دەست نیشان بکرێت لێدوان دان مافی ئەو بێت لەکاتی هەبوونی تەمومژو ناحاڵیبون لە فەتوایەك روونکردنەوەی پێویست هەبێت لەرێگای هۆیەکانی راگەیاندن.

پێنجەم:- پەلە نەکرێت لە فەتوادان بەڵکو پرسە شەرعییەکە تەواو تەواو دیراسەو شەنو کەو بکرێت.

شەشەم:- خۆ دوور بگری لەفەتوای شازو لاواز خۆ نەبەستریتەوە بە مەزهەبێکی دیاریکراو سوود لەسەرجەم مەزهەبە موعتەبەرەکان وەربگیریو زەمانو مەکان لەبەرچاو بگیرێن بنەماکانی (اليسر والضروريات) رەچاو بکرێن.

حەوتەم:- دوای فەتواو بریاردان هیچ کامێك لە ئەندامان مافی فەتوای دژو لێدوانی جیاوازیان نەبێت نەبادا دلەراوکێو پەشێوی بکەوێتەوە نێو شەقامو هاوڵاتییان دوچاری سەرگەردانیو سەرلێشواوی بێن.

# لێژنەی فەتواو

# چەند فەتوایەکی تایبەت بە قوربانی

بەبۆنەی هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆز، لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان وێرای پیرۆزباییکردنی هاتنی ئەو جەژنە لەموسڵمانان، هانیان دەدات بۆ ئەوەی هەولبدەن قوربانی بکەن، چونکە قوربانیکردن یەکێکە لەو کردەوانەی خێرو پاداشتێکی یەکجار زۆری هەیە، لەو بارەوە پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) دەفەرموێت رۆژی جەژنی قوربان چ لەوە خێرتر نییە کە حەیوانێك سەربڕی لەپێناوی خواو بیکاتە قوربانی، وەفەرمویەتی هێشتا خوێنەکە ناگاتە سەر زەوی لای خوا قبولّ دەبێت، وەدەفەرموێ: ئێوە دڵی خۆتان بەقوربانی خۆش بکەن، چونکە قوربانی لەرۆژی دواییدا دەبێتە ولاغ بۆ خاوەنەکەی لەسەر پردی سیرات، پێغەمبەرمان بەدەستی خۆی بەرانی بەقۆچی کردۆتە قوربانی.

دەربارەی چەند پرسیارێکیش کە خەڵك زۆر پرسیار لەبارەیانەوە دەکات، ئەم روونکردنەوەی بلاوکردەوە:

یەکەم: ئەو کەسانەی لە دەرەوەی ولات دەژین، دروستە کەسێك لێرە بکەنە وەکیلی خۆیانو، لێرە قوربانیان بۆ بکەن.

دووەم: بۆ ئەو بەرێزانەش کە چوونەتە حەج، بۆیان دروستە لە مەکە یان لێرە قوربانی بکەن، بەلام باشتر وایە قوربانی لێرە بکەن، بۆ ئەوەی هەژارەکانی ئێرە لێی سوودمەند بن، ئەوە سەرباری ئەوەی لە مەکەی پیرۆز رێژەیەکی یەکجار زۆری قوربانی ئەنجام دەدرێت.

سێیەم: قوربانیکردن بۆ منداڵێك، کە نەگەییشتبێتە تەمەنی بلۆغبوونو خۆناسین دروستە، بەلام بۆی دەبێتە سەدەقە. بۆیە چاکتر وایە، ئەگەر منداڵەکە گەییشتە حەدی بلۆغبوون دووبارە قوربانی بکاتەوە.




چوارەم: سەبارەت بە پارە تەسلیمکردن بە دەزگا خێرخوازیەکان، دروستە ئەگەر جێگای متمانە بن، بەلام باشتر وایە لە کاتی سەربڕینەکە خاوەن قوربانی ئامادە بێت، ئەگەر ئامادەش نەبێت هەر دروستە.

پێنجەم: گواستنەوەی قوربانی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، تەنها لەو کاتەدا دروستە کە کەسەکە زۆر هەژارو پێویست بێت.

شەشەم: قوربانی نەزر تەنها دەدرێتە ماڵە هەژارەکان، نابێت خاوەنەکەی خۆیو ئەوانەی نەفەقەیان لەسەریەتی بیخواتو، مەگەر بە میوانداری لەماڵێکی دیکە بیخوات، وە نابێت قوربانی نەزر بدرێتە ماڵی دەوڵەمەندیش. بەلام قوربانی سوننەت دروستە خاوەنەکەی بیخواتو، هەروەها بدرێتە دەوڵەمەندەکانیش.

حەوتەم: قوربانیکردن بۆ مردوو واجبە ئەگەر وەسیەتی کردبێت، بەلام ئەگەر وەسیەتی نەکردبێت، دروستە بە میراتی بەجێماوی قوربانی بکرێت، بەلام دەبێ هەموو میراتگرەکان رێگەی پێ بدەن، یان کەسێك بە ماڵی خۆی بۆی بکات.

هەشتەم: دروستە بەبێ پرس پێکردن کەسێك قوربانی بۆ کەسێکی دیکە بکات.

نۆیەم: سەبارەت بە گیانداری قوربانیش بزنو مەڕ هەر یەکیان بەیەك قوربانی دەچێت بەمەرجێك بزن دوو ساڵی تەواو کردبێتو مەڕیش یەك ساڵی تەواو کردبێت، ڕەشە ولاغیش یەك بە حەفت قوربانی دەبێتو مەرجە دوو ساڵی تەواو کردبێت. پێویستە ئەو حەیوانەی کە دەیکاتە قوربانی عەیبێکی وای نەبێت لاوازی بکات، واتە: لاوازو شێتو کوێرەو نەخۆشو جدەو لەڕ نەبێت، بەلام حەیوانی بێ قۆچ یان قۆچ شکای دەبێت ئەگەر لاوازی نەکردبێت، وەئەگەر گوێی هەردڕا بو یان کون کرابو ئەوا دەبێت بەمەرجێك هیچی لێنەکرابێتەوە، وەحەیوانێ ئەگەر هەموو ددانەکانی کەوتبێ نابێت بۆ قوربانی، بەلام ئەگەر یەك دوانێکی شکابوو یان کەوتبوو ئەوا قەیدی نییە، لەقوربانی کردندا ئاژەڵی نێرو مێ فەرقیان نییە، وە ئەگەر نێرە خەسیویش بێت دەبێت.

دەیەم: کاتی سەربڕینی قوربانیەکەش لەیەکەم رۆژی جەژنی قوربان لەدوای نوێژی جەژن دەست پێدەکات تاکۆتایی رۆژی چوارەمی جەژن، لەهەمو کاتەکانی ئەو چوار رۆژە دروستە.

## فرۆشتنی خواردنی حەلال لە فەرەنسا بەرز دەبێتەوە




نووسینگەیەکی راوێژکاری لە فەرەنسا لەلێکۆڵینەوەیەکدا بلاوی کردۆتەوە، کە بازرگانی بەرهەمە حەلاڵەکان، کە بەپێی شەریعەتی ئیسلام بەرهەم هێندراون لە فەرەنسا بەرێژەی (٢٣٪) لە سەدان لەماوەی ئەمساڵەدا بەرز بۆتەوە.

مەزەندە دەکرێت، کە بەرزبوونەوەی بەرهەمە حەلاڵەکان لە فەرەنسا لەماوەی دوازدە مانگی رابردوو گەییشتۆتە (١٤٠) ملیۆن یۆرۆ، کە کۆی بەرهەمە حەلاڵیەکان لە فەرەنسا ساڵانە دەگاتە (٥,٥) ملیار یۆرۆ.

بەپێی لێکۆڵینەوەکە، سەرفبوونی ئەو بەرهەمە حەلاڵیانە زیاتر پەیوەستە بە جالیەی ئیسلامی لە فەرەنسا، کە ژمارەیان نزیکەی (٦) ملیۆن کەس دەبێتو، (٣٢٪)ی بەرهەمە حەلاڵیەکان لە پاریس سەرف دەبێتو، لەو (٥,٥) ملیار یۆرۆیە نزیکەی ملیارێکی لەبازرگانی خواردنی خواردنگەکانی تایبەت بە خواردنی خێرایە.

# مامەڵەکانی دڵنیایی جۆرەکانی

# دڵنیایی بازرگانی (التأمين التجاري)



**مەلا حسن محمد پشدەری***

**بەشی سێیەم و کۆتایی**

## دڵنیایی لەسەر ژیان (التأمين على الحياة)

جۆرو شێوەکانی دڵنیایی لەسەر ژیان بەپێی ئەو کۆمپانیایەی کە ئەم مەڵەیە دەکات جیاوازەو ئەوان بەئارەزوی خۆیانو هەر چۆنێك قازانج بکەنو خەڵکی هان بدەن بۆ بەشداری کردنیان لەم مامەڵەیەدا ئاوا یاسایەکانو جۆرەکانی ڕێك دەخەن.

بەلام بەکورتی دڵنیای لەسەر ژیان سێ شێوەی سەرەکی هەیە کە زۆر لەدنیای ئێستادا کاری پێدەکرێ.

١- دڵنیای بۆ کاتی مردن: ئەم جۆرەیان بریتییە لەوەی کە کۆمپانیای دڵنیایی پەیمان دەدات بەپێدانی ئەندازەیەك پارەی دیارکراو بەمیرات گرانی دڵنیاویست لەکاتی مردنی دڵنیاویست بەرامبەر بەقستێکی مانگانە یا ساڵانە کە دڵنیاویست داویەتی...

٢- دڵنیایی بۆ کاتی مانەوە (التأمين لحال البقاء- التأمين المؤجل) بریتیە لەو مامەڵەیەی کە کۆمپانیای دڵنیایی پەیماندەدا بەبەخشینی ئەندازەیەکی دیاریکراو لەماڵ بەدڵنیاویست لەکاتێکی دیاری کراودا لەژیانی دڵنیاویست، بۆ نموونە پاش (٢٠) ساڵ، بەلام بەشەرتێ تا ئەوکاتە دڵنیاویست لەژیاندا بمێنێ ئەگەرنا پارەکە بۆ کۆمپانیا دەبێت.

٣- دڵنیایی تێکەلاو (التأمين المختلط) ئەم جۆرەیان زۆرترین جۆرەکانی دڵنیاییە لەسەر ژیانو بەربلاوترینیانە، ئەویش بریتیە لەو مامەڵەیەی کە هەردوو جۆرەکەی پێشوو لەخۆ دەگرێ وەهەموو تایبەتمەندیەکانی لەودو جۆرەی پێشوو وەردەگرێ. بەکورتی بریتیە: لەوەی کۆمپانیا پەیماندەدا بەدانی ئەندازەیەکی دیاریکراو لەماڵ لەکاتێکی دیاریکراوی ژیانی، یان ئەگەر وەری نەگرت بۆ میراتگرەکانی دوای مردنی بەرامبەر بەقیستی جێگیری مانگانە یاساڵانە یان یەکجاری بەکۆمپانیا.

وەزۆر جۆری کەش هەیە بۆ دڵنیایی لەسەر ژیان وەك دڵنیایی ژنهێنان یان دڵنیایی منداڵ بوون یامارەیی یا نەخۆشی... هتد[1].

حوکمی دڵنیایی لەسەر ژیان پەیوەندی بەسلفەی عەقارەوە

وەك ئاشکریە ئەم جۆرە دڵنیاییە جۆرێکە لەدڵنیایی بازرگانیو پێشتریش حوکمی دڵنیایی بازرگانیمان زانی کە زۆربەی زانایان بەحەرامیان دانا بەلام لەحوکمی ئەم مامەڵەیە دوو شێوە پێویستە جیا بکەینەوە:

یەکەم: ئەگەر ئەم جۆرە مامەڵەیە شێوەی مامەڵەیی وەرنەگرت بەڵکو شێوەی بەخشینو هاوکاری وەرگرت بۆ نموونە: کۆمەڵە خەڵکێك هەستان بە کۆکردنەوەی پارە مانگانەو صندوقێکیان دانا یان کۆمپانیایەك بەم کارە هەستاو مەبەستی قازانج نەبوو بەڵکو مەبەستی دڵنیاکردنی بەشداربووەکانی بوو لەڕووداو نارەحەتییەکانی ژیان، وەهاوبەشەکانیش هەموو بەشێوەی بەخشین (تبرع)و بێ زۆرلێکردن قیستەکانیان دەدا، ئەوە ئەم جۆرە مامەڵەیە دروستە. بەڵکو لەڕاستیدا ئەم شێوەیە بەدیلی شێوە حەرامەکانی ترە، وەبەتەجروبەش سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لەهەندێ لەولاتانی ئیسلامی وەك: سودانو مالیزیاو ئەو کۆمپانیانەی کە هەستاون بەم کارە توانیویانە خزمەتێکی زۆر بەهاولاتییان بکەن.

بەو شێوەیەو بەو مەرجانە هەر دەچێتەناو پێناسەی دڵنیایی هاریکاریو حوکمی ئەو وەردەگرێت کە باسمان کرد کە زانایان بەدروستیان داناوە.

دووهەم: ئەگەر ئەم جۆرە مامەڵەیە حکومەت بەزۆر هاولاتییانی پابەند کرد پێوەیو هەندێ پێداویستی ژیانو مافەکانی بۆ جێبەجێ نەدەکردن هەتا نەبوونایە هاوبەش لەم جۆرە کۆمپانیایانە، وەك: ڕازی بوون بەلێخورینی ئۆتۆمبێل یان پێدانی سلفەو قەرز بۆ خانووبەرە یان دانانی کۆمپانیاو کارگەکان... هتد.

ئایا لەم کاتەدا بەشداریکردنی مرۆڤی موسڵمان لەم جۆرە مامەڵەیە لەبەر خاتری بێبەش نەبوون لەم جۆرە خزمەتگوزاریانەو مافانەی خۆی حوکمی چۆنە، زانایان دوو ڕایان هەیە لەم بارەیەوە:

ڕای یەکەم: دەفەرموون بۆ هاولاتی دروست نییە بەشداری لەم جۆرە مامەڵەیەدا بکات مەگەر زەرورەتێکی زۆروای لێبکات کە هەر دەبێ بەشداری بکات بۆ نموونە: ئەگەر سەیارەکە نەکرێت هیچ کەسابەتێکی دەست نەکەوێتو ژیانی خۆیو ماڵو منداڵی بەسەربەرزی بکەوێتە بەر مەترسیەوە یان پارەی نەبێ خیوەتێك هەڵدا ماڵەکەی بباتە ناویو پارەی کرێشی نەبێ خانویەك بەکرێ بگرێ، لەم حاڵەتانەدا بۆی هەیە سلفەی عەقار وەربگرێ ( ئەگەر حکومەت بەبێ زیادە دەیدا بە هاولاتییان) یابۆی هەیە مۆڵەتی لێخورینی سەیارەکە وەرگرێ بامامەڵەی دڵنیاوییشی پێوە لکابێ، زۆربەی زانایانی حیجاز لەگەڵ ئەم ڕایەنو بەڵگەکانیشیان هەمان ئەو بەڵگانەن کە بۆ مامەڵەی دڵنیایی بازرگانی باسمانکرد.

ڕای دووهەم: دەفەرموون دروستە هاولاتی بەشداری مامەڵەی دڵنیایی بکات ئەگەر حکومەت زۆری لێکردو قیاسی دەکەن لەسەر بۆ سەر زەریبەو ئەو جۆرە باجانەی حکومەت لەسەر هاولاتییانی دادەنیو دەڵێن حکومەت ئەو پارەیە لە مەصلەحەتی گشتی سەرف دەکاتەوە بۆیە دروستە هەندێ شت لەسەر هاولاتییانی حۆی فەرز بکاتو دابنێ. وەدکتۆر محمد سعيد رمضان البوطيو شێخ عثیمین و د.وهبه زحيلی لەسەر ئەم ڕایەن[2].

(١) بڕوانە کتێبی: موسوعة الفقهة الاسلامي المعاصر- د.وهبة زحيلي (٣\٣٣٤-٣٣٥).

(٢) بڕوانە: سایتی د.محمد سعيد رمضان البوطي وسيدى (الموسوعة الشاملة، مجموعة ابن عثيمين (٨١/١)، کتێبی (الفقة للإسلامي وأدلته) (٣٤٢٢/٥).

* **پێشنوێژو وتارخوین لەمزگەوتی نەوزاد شاکر قازی لەناحیەی دارەتوو**

# نوێژی بارانەو هەقیقەتێك!



مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
Sherkaway83@gmail.com

وەك زیندوو کردنەوەی سوننەتی پێغەبەر درودی خوای لەسەر بێت، ئەمساڵ لە کوردستان لەسەر داوای یەکێتی زانایانو مامۆستایانی ئایینی بڕیاری ئەنجامدانی نوێژە بارانە درا، ژمارەیەکی یەکجار زۆری موسڵمانانی کوردستانیش لە شارو شوێنە جیاجیاکان بەشداری نوێژە بارانەیان کرد، کە ئەم نوێژە ئاماژەو هێمای پابەندیو ملکەچی نوادنی بەندەکانە بەرامبەر دەسەڵاتی خوای گەورەو، دەلالەتێکی گەورەشە لەوەی مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە رەحمەتی خوا هەیە، لەگەڵ ئەمانەش پەرۆشی دەربڕینە لەسەر ئەو وەرزە وشکەی ئێستا ڕووی لە کوردستان کردووە.

ئەوەی زیاد لە هەموو شتەکانی سەرەنجی ڕاکێشام ئەو حاشاماتە زۆرەی خەڵك بوو، کە بە پیر داوایەکەی یەکێتی زانایانەوە هاتنو بەوپەڕی ملکەچیو دڵسۆزیو فرمێسكو نزاوە ئامادەی نوێژە بارانە بوون.

ئەمە وێڕای ئەوەی جێگەی دڵخۆشی زۆرە، لەهەمان کاتدا سەلماندنی هەقیقەتێکی گەورەشە، بەوەی خەڵکی کوردستان ئێستاش گوێڕایەڵی زانایانی ئایینیو ڕێنماییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامن، خەڵکێك پێی وایە مامۆستایانی ئایینی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەیان نەماوە خەڵك بە قسەیان بکاتو بە پیر بانگەوازەکانیانەوە بێت، بەڵام ئەمە نمونەیەکی نزیكو زیندووی واقعی کۆمەڵگەی ئێمەیە، کە مامۆستایانی ئایینی هەمیشە خاوەن بەهێزترین پێگەی کۆمەڵایەتینو بەردەوامیش خەڵك گوێی خۆی شل کردووە بۆ ئامۆژگاریەکانیان.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بەیانی بانگەواز بکرێ بۆ هەر هەنگاوو پرسو شتێکی تری لەو جۆرە، ئەگەر لەڕێی مامۆستایانی ئایینیەوە نەبێ، داخۆ چ هێزێك دەتوانێ ئا بەو شێوە خەڵك بە پیر داوای خۆی بێنێتو لەو شوێنی مەبەست کۆی بکاتەوە!؟ یان ئەگەر مامۆستایانی ئایینی خۆیان لە هەر پرسێك بەدەر بکەنو لێی بێ دەنگ بن، داخۆ کام ڕێکخراو یان کام دەزگا دەتوانێ پلانی خۆی لەنێو کۆمەڵگە سەر پێ بگرێت!؟ یان ئەو نوسەرو ڕۆژنامەنووسانەی دەهۆڵی (باوی دین نەماوە) لێدەدەن، تا چەندە بە دیمەنێکی لەو شێوە دەگەنە قەناعەت،



کە ئەو بۆچوونەیان هەیەڵەیەکی گەورەیەو لەناو خەڵكو خاکی کوردستان جێگەی نابێتەوە!؟

ئیدی خەڵکی ئێمە موسڵمانو پابەندی ئایینی خۆشیانن، حەزیش لە گوێڕایەڵی زانایانی ئایینی دەکەنو هەمیشە دەیانەوێ لەژێر سێبەری چەتری دیندا ژیانیان بگوزەرێنن، زانایانی ئایینیش گەورەترین خزمەت بەو کۆمەڵگەو کوردستان دەکەن، چونکە نوێژە بارانە سەرەڕای ئەوەی سوننەتێکی پیرۆزە، لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پاڕانەیە لەوەی کوردستان تووشی نەهامەتی نەهێت، بەرەکەتێکی ئیمانییەو خوازیاری ژیانێکی پڕ ڕەفاهیەتە بۆ خەڵکی کوردستان، هەنگاوێکە بەرژەندی گشتی تێدایەو بۆ ماڵو خێزانو سامانو تەنانەت ئەمنو باری گشتی وڵاتیش بەخێر دەگەڕێتەوە.

# ئەگەر لێشم تێنەگەن ناهەقیان ناگرم

رقیب رسول روستایی

زهنیەتی ئێمە لەژێر کاریگەری (مادده) توخمە هۆشبەرەکان هەڵسوکەوت دەکات، خۆمان لەژیانی ڕۆژانەدا زۆرو کەم شرینقەی بێ هۆشیمان لێدراوە.

بەنج کراوین جا هەر یەکێکمان بەجۆرو شێوازێك بەنج کراوین، بەنج کردنمان (نسبیە) ڕێژەییە بەو واتایەی هەریەکێك لە ئێمەدا بەئەندازەی سەرقاڵکردنی بەدوونیا داریدا بێ هۆش کراوە لەچەشنی ئەو نەخۆشەی، کە نەشتەرگەری دەکرێت ڕێژەیەکی زۆر بەنج لەجەستەی دەکرێت بۆچی؟ تەنیا بۆئەوەی لەلایەنی دەروونییەوە هەست بەئازاری نەشتەرگەری نەکرێت، لەڕاستیدا کەسێك، کە لەژووری نەشتەرگەریدا نەشتەرگەری بۆ دەکرێت لەدونیایەکی تردا دەژیت. لێیدەدرێت هەست بە لێدان ناکات، نەشتەر دەکرێت باکی نییە، جەستەی تیکە تیکە دەکرێت وەك بڵێی ئەو تایخو چەقۆیانەی ئەو (نەخۆشە) نەشتەر دەکەن تیخو چەقۆی پلاستیکین، قسە دەکات بەڵام قسەکانی هی خۆی نین.

ئیرادە دەکات ئیرادە هی خۆی نییە، کەواتە قسە کردن بەبێ ئیرادە چ واتایەك دەبەخشێت؟ مرۆڤێکی لەو چەشنە، لەسەر قەلویرەبێت، قسە بکات بەپێی ویستی خۆی نەبێت! هەست بە ئازارو ئازادی خۆی نەکات، چۆن هەست بە ئازارو ئازادی گەلەکەی دەکات، مرۆڤی ئالیمان (ڕۆبۆت ئاسا) بۆ چییە؟ چۆن ئامێرێکی دەستکرد، کە پێویستی بە شەحنو کارەبایە ئەگەر شەحنو کارەبای بۆ دابین نەکرێت کارناکات، بێ کەڵکە، ئەو مرۆڤە چ مرۆڤێکە!

مەگەر هەر ئەو مرۆڤە نییە، کە لەهەموو شتێك دەچێت تەنیا لەمرۆڤ نەبێت؟ کاتێك کە لەڕووی بەرژەوەنییەوە تێر شەحن نەکرێت ئیشو کار نەکات، ئایا بەڕاست ئەوە قیمەتی مرۆڤایەتییە؟

ئەو مرۆڤایەتییەی، کە ئێمە لە زهنیەتی خۆماندا وێنەمان بۆ کێشاوەو پەیکەرمان بۆ دروست کردووە، ئەو جۆرە مرۆڤایەتیە مرۆڤیشی بێ ڕێز کردووەو قیمەتی مرۆڤایەتی کەم کردۆتەوە، ئەو جۆرە مرۆڤایەتیە هاوشێوەی (غەریفی مێش)ە، دەفرێکە خەڵك شتی خۆی لەنێو دادەنێت، شتی لە نێودا دەپەستێتو بەکاری دەهێنێت، هیچ کاتێك بیرم لەوە نەدەکردەوە هەر بەخەیاڵیشم دانەدەهات مرۆڤ ئاوا بێ نرخ دەکرێت ئەگینا هەرگیز نەفرەتم لە مرۆڤ بوونی خۆمدا نەدەکرد، ئێستا نەك جارێك سەدان جار نەفرەت لە مرۆڤ بوونی خۆم دەکەم.

رقم لەهەرچی ئەو دروشمو شتانەیە، کە جیام دەکاتەوە لە مرۆڤایەتیو هەستم لێ ئاڵۆز دەکات، خەڵکی وەڵامی پرسیاری ژیانی (گەندەی) لەلایەن هەرکەسێك لە ئێمە دەست دەکەوێت، لەهەر ئاستێك دابێت، عەرەب دەڵێن: (اقرب شيء الى الانسان معدته)، واتە: نزیکترین شت بەلای مرۆڤەوە گەدەیەتی، گەرەکیەتی تێری بکات، بەڵام وەڵامی پرسیاری گیانیان چنگ ناکەوێت.

پرسە ئایینیو مەزهەبیەکان تەنیا بۆ ئەوە دانراون وەڵامی پرسیاری گیانی خەڵکی بدەنەوە، کاریان هەر ئەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، کە وەڵامیان نییە، کەچی بەداخەوە مەلاو شێخو پیاوی ئایینی لە وەڵامدانەوەی پرسیاری ژیانو گەدە بەتوانان هیچ درێغیان نییە، کەدەڵێم بەتوانان مەبەستمە بڵێم وەکو خەڵکی ئاسایی نین.

کە بتوانن وەڵامی پرسیاری ژیانو گەدە بدەنەوە، بەڵکو لەوانیش بەتواناترن بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارە شکڵیانە، کەچی سەبارەت بە وەڵامدانەوەی پرسیاری گیانیو ژیانی ڕاستەقینە دەستەوەستانو دەستە پاچەن خۆشیان سکیان بەخۆیان دەسوتێتەوە.

نەك هەر ناتوانن وەڵامی گیانیان بۆ خەڵك پێ بێت، بەڵکو لەکۆمەڵگادا ئەوان لە خەڵکی ئاتاجترن بۆ دۆزینەوەی ئەو جۆرە مەتەڵانە لە هەموویان زیاتر عەودالن، کە کەسێك بدۆزنەوە لە ڕوانگەی ڕۆحیو دەروونییەوە تێریان بکات -دیارە مەبەستم لە شێخو مەلاو پیاوی ئاینی بەگشتی نییە- بەدڵنیاییەوە لەو ڕووەوە تێر نابن.

چونکە بە تەواوی مانا بەدوای بەرنامەی ڕاستەقینەی خۆیان نەکەوتوون، گووتراوە هەموو شتێك بە خوێ خوێ رادەگرێتو بۆگەن نابێت، ئەی ئەگەر خوێ بۆ خۆی بۆگەن بوو بەچی چارەسەر دەکرێت؟!

نەفرەت لەو پیشەیەی، کە خۆم بەدوایدا دەگەڕێم مەبەستمە بڵێم ئەرێ بەڕاست پیشەکە بۆ خۆی گەلێك پیرۆزبوو، بەڵام بەهۆی خۆمەوە پیشەکەشم بێزراوو ناشیرین کرد؟!

کە دەڵێم نەفرەت لەو پیشەیەی، کە خۆم بەدوایدا دەگەڕێم، دەمەوێت باشتر مەبەستی خۆم ڕوون بکەمەوە، بۆ ئەوەی کەسێك بە هەڵە لە قسەکانم تێنەگات، لەبەرژەوەندی خۆیدا لەدژم بەکاری نەهێنێت، من مەبەستم وێنا کردنی ئەو دیمەنەیە، کە دەمەوێت خۆم خەڵکی دەست خەرۆ بدەم بۆ بەرژەوەندی شەخشیو تێرکردنی گەدەم، لەبەرامبەر ئەو بەرنامە بێگەردو پیرۆزە، کە ئاینی خۆمە وەك ئەو ماسی گرەی (ڕاوکەر)ەی، کەفیڵ لەماسی دەکات گەورەترین تاوان لەدژی ئەنجام دەدات، تەنیا هەر ئەو کرمو خواردنانە (خواردنی ساختە) بەسەر قولاّبە زاڵمو دوژمنکارانەکەیەوە دەکات، کە ماسی خۆی حەزی لێیەتی لەئەنجامدا بەهۆی خەڵەتاندنی ماسی هەژار، هاکا ماسی خۆی دەبینێتەوە کە قولاّبێکی تیژی ستەمکارانە لەگەرویدا ڕووچووە، نازانم چۆن پەیامی خۆم بگەیەنم ئایا تاوان لەمە گەورەتر دەبێت؟! هاوپیشەکانم باشتر لەمە تێدەگەن ئەگەر لێشم تێنەگەن -ناهەقیان ناگرم- تەنیا لەبەر زۆری بەنجەکەیە، کە ناتوانن لێم تێبگەن، ئەگینا هیچ شتێکیتر لە ئارادا نییە.

# پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان یان قوتابخانەی سەرەتاییو کەرەڤانی عەقارات



مەلا ئوسامە سید بکر بەرزنجی

لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێی خوێندن، پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان، دەرگای بەڕووی قوتابیانی کردەوە، بۆ خوێندنی ئیسلامی، کە لەم ساڵەدا ئەو قوتابیانەی لەلایەن وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی ڕەوانەکراون (٦٤) قوتابی لە هەردوو ڕەگەزی لە (نێرو مێ) کە (٢٩) کچو (٣٥) کوڕە، ئەوانیش کە پێکهاتوون لەدەرچووانی قوتابخانەی (شەهید مەلا عبدالله)و (مدرسەی مەلا فائز)و (قوتابخانەی شەقلاوە)و (سۆران)و هەروەها قوتابیانی دەرەکی، کە بەشداریان کردبوو لەتاقی کردنەوەی شەشەمی خوێندنی ئیسلامی، جگە لەوانە نزیکەی (١٠٠) قوتابی لەلایەن پەیمانگاوە، فۆرمیان پڕکردۆتەوە، لەوەرزی هاوین بۆ وەرگرتنیان لە پەیمانگا کە ڕێژەی (٦٠٪)یان، دەرچووی شەشەمی ئامادەیی وێژەیینو، (٢٠٪) دەرچووانی زانستینو، (٢٠٪)یان دەرچووانی خوێندنگا ئیسلامییەکانن، ئەمەش جێگای دڵ خۆشییە بەڕاستی.

هەروەها ئەوەشمان لەیاد نەچی (٤٠) قوتابی قۆناغی دووەممان هەیە، بەڵام ئەوەی جێگای باسەو تێڕوانینە، نەبوونی شوێنو، نەبوونی ماموستاو، پسپۆر بەپێی پێویست! لەلێدوانێکدا (مامۆستا عومەر مەلا حەسەن مرۆ) ڕاگری پەیمانگا گوتی: ئەگەر گرفتی جێگاو شوێن نەبووایە دەمتوانی زۆر تر لەم ڕێژەیە قوتابیانم وەربگرتایە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، ئێستا جێگاکەمان زۆر بچووکەو، شوێنمان نابێتەوەو، جگە لە کەمی مامۆستاش، ئەگینا دەمتوانی زۆر تر قوتابیم وەربگرتایە بۆ خوێندن، کە ئێستا کێشەی زۆری دەرچووانی ئامادەیان هەیە لەسەر خوێندنی باڵا.




بەڕاستی ئەگەر سەردانێکی پەیمانگای بکەی، ئەوکات دەزانی ئەم شوێنە شوێنی پەیمانگایە نییە، کە چوار ژووری هەیە، هیچیان ناگاتە پێنج بە پێنج، بۆ بەشی پێش نوێژو وتارخوێن، وە (٢) کەرەڤان، بۆ ئافرەتان بەشی دیراسات، ! نە هۆڵێك بۆ سمینارێكو، تاقیکردنەوەیەك، وە نە ئیدارەیەکی گەورە بۆ ماموستایانو نە کافتریایەك بۆ قوتابیان، وە نە گۆڕەپانێك بۆ وەرزش، ئەوەی جێگەی باسە ئەم پەیمانگایە دەرچووانی بە پێش نوێژو وتارخوێن دادەمەزرێن، کە یەکێکە لەپایەو پلە گەورەکان لەناو گۆمەڵگاکەماندا، بەڵام ئەمە شوێنمانە لەپەیمانگادا. داوادەکەین کە ئاوڕێکی بەپەلەمان لێ بدرێتەوە، چ حکومەت، وە چ وەزارەتی ئەوقاف، وە چ خێرخوازان، چونکە زۆر بێ جێگایین لەڕۆژانێکی وەکو ئەمڕۆ زۆرترین کات پێویستیمان بە مامۆستای ئایینییە، کەچی پەنجەیان دیارە لەکۆمەڵگادا. ئەوەشمان لەیاد نەچی تەنها مامۆستای ئایینی لەگۆمەڵگادا مافی خوراوە لەخوێندن، با وەك بچووکترین پەیمانگاکانی تر سەیرمان بکەن تکایە!

پرۆگرامی خوێندن لەپەیمانگاکەمان لەتەك وانە سەرەکییەکان خۆ، وانەی سەردەمیش دەخوێندرێت، وەك: حاسوبو زمانەوانی کوردیو ئینگلیزیو دیراساتی مێژووی کوردستانیو... هتد ئەی بۆچی؟ وەکو سەرجەم پەیمانگاکانی تر، حیسابمان بۆ ناکرێت.

# بەری ڕۆژ بە بێژینگ ناگیرێ



مەلا زیاد حەسەن ئاژگەیی

ئەگەر سەیری رابردووی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بکەین بەدڵێکی بەویژدانو دەستێکی بەدەست نوێژ بچینە خزمەت مێژوو لاپەرەکانی هەڵدەینەوە ئەوە دەبینین لە هەموو سەردەمەکان کەسانێك هەبوونە کە دژایەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلامو بەرنامەو شوێنکەوتووانی کردوە، چونکە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەڕێگەی پێغەمبەرانەوە (درودی خوایان لەسەر بێت) بانگی یەکسانیو ڕاستیو دادگەریو ماف بۆ ماف خوراوەکانی بڵاوکردۆتەوەو هەتا دنیاش بەردەوام بێت ئەو سەدایە هەر بەرزو بڵند دەبێت، بۆیە دەبینینو دەبیستین گەلێ جاران لێرەو لەوێ کەسانێك هەنەو دەبن کە ویستویانەو دەیانەوێت دژایەتی ئەو ئاینە بکەن جا هەر جارێك بە پلانێکی گلاّو ئەم دژایەتییەیان دەردەبرن جارێك بەخودی ئاین دەڵێن کۆنەپەرستییەو جارێك بە پێغەمبەرانو جارێك بەزانایانی ئاینی ئیسلامو جارێك بەناوی پێشێلکردنە مافی ئافرەتو جارێك... جارێك...

ئەوەتا لەکوردستانە ئاین پەروەرەکەی خۆشمان کەسانێکی بەناو ڕۆژنامەنوس لەناو هەندێ ڕۆژنامەکاندا کە زۆر جاران ناوو ناوەڕۆکی هەواڵەکانیان جیاوازە لەیەکتر سودیان وەرگرتیە لەو کەشەی کە پێی دەڵێن ئازادی ڕۆژنامەگەری بۆیە زۆر جاران پێنوسە ژەهراویەکانیان بۆ دژایەتی ئاین بەکاردێنن بیروڕای جیاوازی نادروست بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەنووسن تانە لە پێغەمبەرانو موعجیزەکانیان دەدرێت زۆر بەبێ ئەمەکانەو بەبێ شەرمانە باسی زانایانی ئاینی ئیسلام دەکەن. بەڵام با بزانن و تێبگەن داخەکەم کە تێناگەن چونکە (صم بكم عمي فهم لا يرجعون)، هەرچەندی ئەوان وابیربکەنەوەو دژایەتی ئیسلامو موسڵمانان بکەن ئیسلامو موسڵمانان هەر زیدە دەبنو خەڵك بەگشتیو زیاتر بەرەو ئاینی ئیسلام دێنو کاروباری ئاینی خۆیان ڕێكو پێك دەکەن (إنا نحن نزلنا الذكر وانا له لحافظون)و هەروەها جێگەی دڵخۆشی موسڵمانانە بەگشتیو موسڵمانی کوردە بەتایبەتی کە دەبینین لەسەرانسەری جیهان شەپۆلی موسڵمان بوون زۆر زیادی کردووەو لەهەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەی پەیام کە زمان حاڵی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامییە لە کوردستان هەواڵێکی تێدایە سەبارەت بە موسڵمان بوونو هاتنە سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەبەردەم لیژنەی باڵای فەتوا لە کوردستان ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە بەشاراوەی لەناو موسڵمانانی کوردی ئاین پەروەرو خاکە پیرۆزەکەی دژایەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلامو بەرنامەو بێ وەفایانە باسی زانایان بکەن ئەوە ئەم جارەش بزانن کە یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی لەکوردستان وەکو ئەو پەیامە پیرۆزەی کە بۆی دروست بووە ئامانجو نیەتە خراپەکانتان واڵاو رون دەکاتەوە لەبەردەم حکومەتو جەماوەرو رای گشتی.

بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێین پێنوسەکانتان بۆ کاری چاكو بەرژەوەندی ئاینو خاكو وڵات بەکاربێنن دژایەتی ئاین مەکەنو هەوڵی ئاشتیو برایەتیو تەبایيو پێکەوە ژیان بدەن لەکوردستان، چونکە (بەری ڕۆژ بە پێژینگ ناگیرێ).

# ئافرەتانی بێوەژن لەنێوان شووکردنەوەو ڕێگریدا

ئا: مەلا تەیب زیارەتی

ئافرەت لەئاینی پیرۆزی ئیسلام خاوەن پێگەیەکی بەهێزو ڕێزی زۆری لێگیراوە، چەند مافێکی گرنگیشی بۆ داندراوە، کە دەبێت بۆیان دەستەبەربکرێت، وەلێ زۆر جاران لەبری ڕێزو خۆشەویستی بۆیان، مافەکانیان پێنادەن‌و لێیان زەوت دەکەن‌و ستەمیشیان لەبەرامبەردا دەکرێت، تەنانەت جاری واهەیە شوو کردنیان پێ ڕەوا نابینرێت‌و ڕێگریان لێدەکرێت، چ وەك دایك‌و باوك یان کۆمەڵگاو دەوروبەرو نەریتی کوردەواری، قسەکردنی ئێمە لەو ڕاپۆرتەدا لەسەر ئەو ئافرەتانەیە کە لەکۆمەڵگای کوردەواری بە بەبێوەژن ناویان دەبەن.

پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەم زاراوەیان بۆ داندراوە؟ دەبێت مافی ئەوان چیبێت؟ کێن ئەوانەی ستەمیان لێدەکەن؟ چی ئەوانی نیگەران کردووە؟ دەبێت لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا چ مافێکیان هەبێت؟ چ فەتوایەك تایبەت بەوان لەئارادا هەیە؟ تاچەند ڕاگەیاندنەکان گرنگی بەگرفتەکانیان دەدەن؟ وەزارەتی شەهیدان‌و ئەنفال کراوەکان‌و ڕێکخراوو سەنتەرەکان چ پرۆژەیەکیان پێیە بۆ ئەوان؟، بۆیە بەپێویستمان زانی بەدواداچوونێك بکەین‌و گلەییەکانیان بخەینە بەرچاو بەئومێدی ئەوەی لایەنی پەیوەندار کاری لەسەر بکات‌و کێشەکانیان چارەسەر بکات.



یەك لەو ئافرەتانەی کە نەیویست ناوی تەواوی بێنین (س.ن) فەرمانبەرە لەیەکێك لەدامودەزگاکان، بەسەرهاتی خۆی زۆر بەسەیری دەگێڕایەوە دەیگوت: من کاتێك شوم کرد بەدڵی دایك‌و باوکم شوم بەپیاوەکە کرد، لەگەڵ هاوسەرەکەم حەوت ساڵ پێکەوەبووین، ژیانمان زۆر خۆش بوو تا بڵێی خۆشەویستیمان بۆ یەکتر هەبوو بێ کێشەو گرفت ژیانی ڕۆژانەمان بەسەر دەبرد، تا دواجار دایك‌و باوکم ڕۆژێك هاتنە سەردانم، منیان بەزۆری لەو پیاوە سەندەوەو گوتیان نابێت لەگەڵ ئەو پیاوە ژیان بەسەر ببەی، بێ ئەوەی هیچ کێشەم لەگەڵ پیاوەکەدا هەبێت، ئێستا نازانم بۆچی وایان کرد، بەناچاری لەگەڵیان هاتمەوە، ئێستا لەماڵی باوکم ژیان بەسەر دەبەم، بەڵام چ ژیانێك بەردەوام قسەی ناشیرنم پێدەڵێن، زۆر ئازارم دەدەن، شەوی واهەیە ئەوەندەم لێدەدەن، لەماڵەوەش دەرم دەکەن‌و دەرگاشم لێناکەنەوە تا بەیانی.

ئافرەتێك

## بەردەوام بۆ داخوازیم دێن، بەڵام دایك‌و باوکم ڕێگا نادەن شوو بکەمەوە

پیاوەکەم ڕۆژانە خەڵکی بەدواما دەنارد، بەڵام سودی نەبوو چونکە کەسوکارم زۆر کەللە ڕەقبوون، لێنەدەگەڕان من بچمەوە ماڵی خۆم، تا دواجار هاوسەرەکەم بێئومێد بوو لێیان بەناچاری منی تەڵاق داو، ئافرەتێکی تری هێنا، منیش خاوەنی دوو کچ‌و کوڕێکم، کوڕەکەم لەلای پیاوەکەیە کچەکانیش لەلای خۆمە پێنج ساڵە بەو شێوەیە ژیان بەسەردەبەم، بەردەوام خەڵك بۆ داخوازیم دێن، بەڵام دایك‌و باوکم ڕێگا نادەن شووبکەمەوە بەبیانوی ئەوەی کە دەبێت خزمەتی منداڵەکانم بکەم، بۆیە دڵم زۆر تەنگەو هەست بەبێزاری دەکەم، بەردەوام دوعا دەکەم خودای گەورە دەرگایەکم لێبکاتەوەو لەو گرفتە ڕزگارم بکات.

بێوەژنێك

## چەند ساڵێکە هاوسەرم بە ڕووداوی سەیارە مرد، کەچی تائێستا ماڵی خەزوورم ڕێگەی شووکردنیان لێ گرتووم

ئافرەتێکی دی بەناوی (ش.ح) ئەویش یەکێك بوو لەو ئافرەتانەی، کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، ببووە قوربانی ئەو دیاردەیە: پیاوەکەی چەند ساڵێکە لەڕێگەی ڕووداوی ئۆتۆمبێلەوە کۆچی دوایی کردوە، ئەویش لەماڵی خەزووری ژیان بەسەر دەبات، بەقسەی خۆی گلەیی زۆرە، چونکە زۆر لەگەڵی خراپن، بەردەوام هەستی بریندار دەکەن‌و پێی دەڵێن ئەتۆ کوری ئێمەت فەوتاند، دڵنیابە لێت ناگەڕێین بحەسێیەوە، منیش باوکم مردووەو دایکیشم شووی کردۆتەوە، هیچ جێگایەك نییە کە سەری خۆمی پێوە بنێم‌و کەمێك بحەسێمەوە، بۆیە ناچار بەو شێوەیە ژیان بەسەردەبەم.

ڕۆژنامەنووس سالار تاوەگۆزی لەو بارەیەوە گوتی: ئەگەر بەڕاستی بدوێین، هەر ئەوە نییە، کە ڕاگەیاندن گرنگی پێنادات، زۆر شت هەیە ڕاگەیاندن پشت گوێی خستووە، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندنکارانی ئێمە کەسانێکن، لەم ژینگە کۆمەڵایەتییە گەورەبوون، تێڕوانینی ئەم ژینگەیەش بۆ ئەم پرسە زۆر دواکەوتووانەیە، هەندێك جار نەك لەدەرەوە بێوەژن ڕێگای لێدەگیرێ بەڵکو خانەوادەکەی ڕێگرە لەبەردەمی، ئەمەش پێویستی بەلایەنی پەروەردەیی هەیە، واتە تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە بەچاوی پلە دوو سەیری بێوەژن دەکەن.

ڕۆژنامەنووسێك

## پێویستە مامۆستایانی ئایینی هۆشیاری لەو بارەوە بدەن

لەوەڵامی پرسیارێکی تر، کە ئێستا لە کۆمەڵگا ئافرەت بۆ ڕێکلام بەکاردێت؟، بەڕێز تاوەگۆزی گوتی: بەدڵنیاییەوە کەسانێك بۆ ڕێکلام بەکاریان دێنن، ئەمەش هەر کەس‌و لایەنێك بەمەبەستی خۆی بەکاری دێنن، بەڵام ئایا ئەو ڕیکلامانە تاچەند جددین؟، تاچەند کێشەی ئەوان چارەسەر دەکەن؟ ئەو تێڕوانینە پەیوەستە بەمێژویەکی دورو درێژەوە، بۆیە چارەسەر کردنی ئەم پرسە کاتێکی زۆری دەوێت، لەهەمانکات پێموایە دەبێت مامۆستایانی ئاینی زیاتر گرنگی بەم بوارە بدەن، ئەو دەقانە بەگوێی ئەو کەسانە زیندوو بکەنەوە، کە بێئاگان‌و باس لەبێوەژن دەکەن، هەروەها دەبێت، ڕاگەیاندن، یاسا، حکومەت‌و ئافرەتان خۆیان ڕۆڵی بەرچاو ببینن.

## کۆمەڵگای ئێمە بەچاوی پلە دوو سەیری بێوەژن دەکەن

سەبارەت بە ڕۆڵی ڕاگەیاندنیش سالاری ڕۆژنامەنووس گوتی: ڕۆڵی ڕاگەیاندن، ئەوەیە لەڕێی ئەوان گرفتەکان چارەسەر بکرێت بەو پێیەی گرفتەکان بخەنەڕوو، ئینجا کە خرایەڕوو دەبێت هەموو لایەنەکان هەڵبستن، بەچارەسەر کردنی ئەم کێشەیەو دادگا پێویستە بەدواداچوونی بۆ بکات ئەگەر داواکاری هەبوو، حکومەت پرۆژەی کۆمەڵایەتی هەبێت، ڕاگەیاندن تەنها ئەوەندەی لەسەرە، کە کێشەکان بخاتە ڕوو من بەش بەحاڵی خۆم ڕاگەیاندن بەکەمتەرخەم دەزانم، وەکو پێویست بەڕۆڵی خۆی هەڵنەستاوە، چونکە بەشێکی زۆری ڕاگەیاندنی ئێمە ئەوەندەی خۆی بەشتی لاوەکی خەریك دەکات بەشتە ئەساسەکان خەریك نییە ئەمەشیان بەرژەوەندیەکی ماددی یان شەخصی لەدواوەیە، ڕاگەیاندن گوێ بەوتوێژەی کۆمەڵگا نادات، کە دەبا فیعلەن ئەوانیش بەجوانی ئاوڕیان لێ بدرابایەوە، وەکو هەر توێژێکی تری نێو کۆمەڵگا، ئەوەندەی من بەدواداچوونم کردبێت، هەندێ ڕاگەیاندن تەنیا ڕۆڵی خراپیان بینیوە لەپرسی بێوەژنان، بۆ نموونە شتی واباس دەکەن‌و دەوروژێنن، کە مەترسیەکی زۆری بۆ بێوەژنان لێدەکەوێتەوە، هانی کۆمەڵگا دەدات بۆ کوشتنیان‌و خۆسوتاندنیان یا ئەو شتانە دەخەنەڕوو لە بێوەژنان بازاڕی پێگەرم بکەن‌و گەنجان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

بێوەژنانیش ئەم قەیرانە بۆ چەند هۆکارێك دەگێڕنەوە:

(ن.س) کە نزیکەی حەڤدە ساڵە بێوەژنە پیاوەکەی لەنێوان شەری عێراق‌و ئێران بزر بووە (مفقود) شووی نەکردۆتەوە بۆ ڕۆژنامەی (پەیام) هاتە ئاخافتن‌و گوتی:

من بەش بەحاڵی خۆم ئەوەی خودای گەورە بەسەرم بێنێت ڕازیمە پێی، دڵیشم زۆر خۆشەو سوپاس بۆ خودا ئاسوودەم، بەداخەوە کۆمەڵگای ئێمە کاتێك، ئافرەتێك کێشەیەکی لەو جۆرەی دەبێت، لەبری هاوکاری کردن‌و دڵدانەوەی، کەچی ڕۆژانە هەستی بریندار دەکەن‌و ئازاری دەدەن بەوەی قسەو قسەلۆکی بۆ هەڵ دەبەستن، کە ئەوەش بێگومان کۆمەڵگا بەرەو دواوە دەبات نەك بەرەو پێش، پێشم وایە ئەمەش ئەنجامی ئەوەیە، ئەو کەسانە لەئاینی پیرۆزی ئیسلام شارەزانین، ئەگەرنا بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە ناکەن.

ئافرەتێك

## لە شەڕی ئیراق‌و ئێران هاوسەرم کوژرا کەچی ڕێم پێ نەدراوە تا ئێستا شوو بکەمەوە

**+ بەڕای تۆ کێن ئەوانەی مافی ئێوە داگیردەکەن؟**

– هەروەك باسم کرد یەکەم گۆمەڵگای ناهۆشیار، دووەم خانەوادەکان، چ وەکو ماڵی باوکی یان ماڵی خەزووری، کاتێك ئافرەتێك دەبێتە بێوەژن جا پیاوەکەی تەڵاقی دابێت، یان مردبێت، ئەگەر منداڵی هەبێت ناچاری دەکەن، لەسەر منداڵەکانی دابنیشێت، کاتێك منداڵەکانیش گەورە دەکات، ئەوکات ئەوان دەبنە ڕێگرو بەربەست لەبەردەم شووکردنەوەی، زۆرجاریش ئەگەر ئافرەتەکە داوای شووکردنەوە بکات، دڵیان لێ پیس دەبێت، یەکسەر نیشانەی پرسیاری لەسەری دادەنێن، هەروەها حکومەتیش وەکو پێویست کار لەسەر ئەم لایەنە ناکات، بەوەی بەرنامەی باش دابرێژێت‌و ئیشی لەسەر بکات.

**+ ڕێگرەکان چین لەردەم شووکردنەوی بێوەژنان؟**

– ڕێگری یەکەم حکومەت، چونکە دەبێ حکومەت ڕێگای فرەژنی بکاتەوەو پەرەی پێبدات، نەك تەنها ڕێگا پێدانیشی بەڵکو یارمەتی ماددی‌و مەعنەویشیان بدات، چونکە ئەگەر ئەو بڕیارە چووە سەر ئەوکات پێم وایە چارەسەرێکی باش دەبێت، بۆ کەمکردنەوەی ئەم قەیرانە، ئەوکات بێوەژنانیش لەسۆزی دایکایەتی بێبەش نابن، بێگومان ئەوانیش مافی خۆیانە، هەموومان دەزانین گەنجێك نایەتە داخوازی بێوەژنێك بەپێچەوانەوە کاتێك دەچێتە ئەوروپا بێ دوو دڵی بەڵکو بە مەمنونی لەگەڵ ئافرەتێك دەچێتە نێو ژیانی هاوسەرگیری، نازانێ ئەو ئافرەتە چەند شووی کردووە!، بۆیە دەبێت ئەو بەرنامەیە ئیشی لەسەر بکرێت.

بێوەژنێك

## فەتوای یەکێتی زانایان ماوەیەکی درێژی داناوە بۆ شووکردنەوەی هاوسەر بزربووەکان

فتوای یەکێتی زانایانیش لەو بارەوە بەبەربەستی سەرەکی دەزانم، بۆ ئەو بێوەژنانەی، کە پیاوەکانیان بزربوونە یا بێسەرو شوێنن (مفقود) بوونە، چونکە ئەوەی من ئاگاداربم لێژنەی فتوا ماوەیەکی ئەوەندە زۆریان داناوە بۆ شووکردنەوەی ئەو ئافرەتانەی بێ هاوسەر ماونەتەوە، بێگومان ئەو ماوەیە ئافرەت بەرەو پیری دەڕوات‌و دڵی بۆ شووکردنەوە ناچێت، ئەمەش گرفتێکی ترە لەبەردەم ئەو توێژەو زانایانی ئاینی دروستیان کرد، نەك هەر زانایان بە تەنیا تاوانبار بکەین، بەڵکو وەزارەتی شەهیدانیش لایەنێکی ترن، تاوەکو ئێستا ویستویانە بە بڕێك پارە هەموو کێشەکانی خانەوادەی شەهیدان بەتایبەت ئافرەتەکانیان ڕازی بکەن، تاوەکو ئێستا نەهاتوون لەگەڵ یەکێتی زانایان‌و بەتایبەتیش لیژنەی فتوا بگەنە چارەسەرێك بەرامبەر بەو ئافرەتانەی بێ هاوسەر ماونەتەوە.

مامۆستا مەلا محمد ئێنەیی

## ئەو ماوەیەی لێژنەی فەتوا دیاری کردووە زۆر نیە

لەباری ئەو ماوەشەوە بەڕێز مامۆستا مەلا محەمەد ئێنەیی ئەندامی لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان گوتی: ئەو ماوەی ئێمە وەك لێژنەی فەتوا دیارمان کردووە زۆر نییەو ڕەچاوی لایەنی شەرعیمان کردووە، لە فەتوایەکەدا ئێمە چوار خاڵمان خستۆتەڕوو، کە لەبەرژەوەندی ئافرەتان دایە، ماوەی چوار ساڵ زۆر نییەو ئەگەر بمانەوێ بەتەواوی لە کەسێکی بێسەرو شوێن دڵنیا بین کە دیار نەماوە، پێم وایە کەم نەبێ زۆر نییە.

ئێمە نەك تەنها لایەنی شەرعی بەڵکو لایەنی دادگاو یاساشمان گرتووەو لەفەتوایەکەش هاتووە، کە ئەگەر دادگا بڕیاری دا ئەوە بڕیارەکە سەر دەگرێت‌و کاری پێ دەکرێت.

هەر لەسەر ئەو تەوەرو قسەکردن لەسەر مافی بێوەژن لەئیسلامدا بەڕێز مامۆستا مەلا یوسف شافعی پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی حاجی سەنیە لەشاری هەولێر گوتی: ئیسلام بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئافرەت دەکات‌و بێوەژنیش ئافرەتە، کەواتە ڕێزدارەو سەنگێکی تایبەتی هەیە، ئەوەتا خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا گوێبیستی کێشەی ئافرەتێك دەکات، بێوەژن لەئیسلامدا کەسایەتیەکی سەربەخۆیەو ڕێزی زۆریش بۆ کەسایەتی دانراوە، لەبەر ئەوەشە بێوەژن لە شووکردنەوەش سەربەخۆیەو کەس بۆی نیە ڕێگری لێ بکات، مەگەر بە ئیزنی ئەو نەبێت، هەروەك پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێ (الثيب أحق بنفسها من وليها)، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بێوەژن ماف‌و ڕێزێکی تایبەتی لەئیسلام بۆ دانراوە.

بەڵام کە کۆمەڵگە بەچاوی سووکەوە سەیری بێوەژن دەکات، ئەوە ئیسلام لێی بەر پرسیار نییە، یان دایك‌و براو خزم‌و کەسوکاری بێوەژن ئەگەر بەشێوەیەکی ناشیاو سەیری بێوەژن بکەن ئەوە گوناهی خۆیانە نەك هەڵەی ئیسلام.

مامۆستا مەلا یوسف شافعی

## ئیسلام ئەو پەڕی ڕێزی بۆ بیوەژن داناوەو هیچ ڕێگرێکیشی لەبەردەم شووکردنەوەی دانەناوە

من پێشم وایە بێوەژن لەکۆمەڵگەی



ئێمەدا زیاتر لەسەردەمی عەولەمە کەوتۆتە بارێکی خراپەوە، بۆیە ئێستا ئەو هەموو ڕێکخراوەش هەن کەچی مافی بێوەژن بەچاوێکی سووك سەیر دەکرێت‌و کۆمەڵگەش وا دەزانێت ئافرەتی بێوەژن واتە ئەو ئافرەتانەیە بە سووکیەوە لەماڵە خزمانیان کەوتوون.

ناوبراو گوتیشی: ئیسلام ڕێگر نییە لە شووکردنەوەی بێوەژن، بەڵکو بە مافی سەرەکی دادەنێت، ئەوەی هەیە عورف‌و عادەتەو بەس، کەسیش بۆی نییە ڕێگری لێ بکات.

بەپێی فەرموودە کەس بۆی نییە بێوەژنیش بە شوو بداتەوە تا ئیزنی وەرنەگرێت، هەروەك لە فیقهی ئیسلامیش ئەوە بەڕاشکاوی باس کراوەو ڕێگەی پێ دراوە، کە هەرکات کەسێك چووە خوازبینی ئەوە بۆی هەیە بەویستی خۆی هاوسەر بکاتەوە یان نا.

لەو بارەوە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ (الساعی علی الارملة والمسكين كالمجاهد في سبيل الله) ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووە، لە باس کردنی ڕێزی ئیسلام بەرامبەر بە ئافرەتان‌و بێوەژنان، بۆیە لێرەوە دەڵێم، با هەموومان بگەینە ئەو قەناعەتەو هەمووشمان هەوڵ بدەین جوانتر مامەڵە لەگەڵ ئەو وەزعە بکەین‌و مافی بێوەژن لە کۆمەڵگەی خۆمان زیاتر پەرە پێ بدەین.

خەولە عوسمان

## بۆ بێوەژن هەیە بەس بێوە پیاو نییە!

گەنجانی کوڕو کچ لەو بارەوە قسەی جیاجیایان هەیە:

من لەلای خۆم، هیچ جیاوازیەك لەبەینی کچ‌و بێوەژن نابینم، وەزۆریشم پێ ئاساییە کوڕێك بچێتە داخوازی بێوەژنێك‌و ژیانی لەگەڵ بەسەرببات، گلەییەکی یەکجار زۆریشم لەو زاراوە هەیە کە بۆیان داناون‌و پێیان دەڵێن بێوەژن، ئەی بۆ پیاوێك کە ژنی دمرێت، یان تەڵاقی دەدات... هتد پێی ناڵێن بێوەپیاو، تەنها ئەم زاراوە بۆ ژنان داندراوەو پێیان جیاوازکردونەتەوە لەکۆمەڵگاکەمان بەهەڵەی دەزانم، ئەمە قسەی (خەولە عوسمان)ە کچێکە لەکۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان.

گەنجێك

## بۆم بڕەخسێ بێوەژنێك مارە دەکەم تا ببێتە وڵامێك بۆ هەموو گەنجان

فائیزە فازڵ گوتی زۆر سەیرم بەوکۆمەڵگایە دێت کە بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا پێیان شەرمە لەگەل بێوەژنێك ژیانی هاوسەری پێك بینن، لەکاتێکدا خودای گەورە هیچ جیاوازیەکی لەبەینی کچ‌و بێوەژن نەکردوە بەڕاستی دەبێت کارئاسانیەکی تەواویان بۆ بکرێت بۆئەوەی ئەوانیش هەست بەدڵ تەنگی نەکەن.

نەوزاد ساڵح کوڕێك بوو گوتی: نازانم بۆچی گەنجان ئەوەندەی پرۆسەی هاوسەرگیری، لەگەڵ بێوەژنان ئەنجام نادەن، بۆچی بیر لەوانیش ناکەنەوە من بەش بەحاڵی خۆم بەڵێنم داوە کە هەرکات ئەو پرۆسەیە پێك بینم، بێوەژنێك مارە بکەم بۆ ئەوەی وەڵامێك بێت بۆ هەموو ئەو کوڕانەی بەچاوێکی کەم سەیری بێوەژن دەکەن.

بەرپرسی لقی هەولێر یەکێتی ژنان

## گەورەترین کێشەی بێوەژن هەژاری‌و نەبوونی گوزەرانێکی باشە

لەڕووی هەنگاوی ڕێکخراوەیشەوە سەبارەت بە کار کردن لەپێناو بەرگری بۆ مافی بێوەژن بەڕێز جوان فەقی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی ژنانی کوردستان گوتی: تائێستا ئامارێکی دیارمان لەبەر دەست نییە، تا بزانین ڕێژەکە چەندە، بەڵام



ئافرەتگەلێکی بێوەژنمان هەیە، چونکە شەڕی ناوخۆو ئەنفال‌و شەڕی ئیراق‌و ئێران کۆمەڵێك ژنی کردە بێوەژن، بۆیە ئەرکی ئێمە وەکو ڕێکخراو یان وەکو براو کەس‌و کار یان وەکو کۆمەڵگە ئەوەیە بێوەژنان بە کەسی خۆمان بزانین‌و هەوڵی باشتر کردنی ژیانیان بدەین، ئەرکیشە حکومەت پلانی هەبێت‌و زۆرێك لەو ئافرەتانەش بخانە نێو کارەوە لەڕێی کەرتی تایبەتەوە، ئێمە ئەوەندەی لێی تێبگەین گەورەترین کێشەی بێوەژن هەژاری‌و نەبوونی گوزەرانێکی باشە.

واقعێك هەیە با ئێمە خۆی لێ نەدزینەوە، ئەوەیش ئەوەیە، کە زۆرێك لە بێوەژنان نایانەوێ شوو بکەنەوە، چونکە تەمەنیان گەورە بووە، بەڵام خۆ مافیان تەنها لە شووکردن کورت نەبۆتەوە، بەڵکو زۆر مافی تریان هەیە، دەبێ ئێمە ڕەچاوی گشت مافەکانیان بکەین.

لێرەوە دەبێ ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی بەرز بنرخێنین، کە هەمیشە لەوتارەکانیان ئەو ڕاستیەیان روون کردۆتەوەو خەڵك لەسەر ڕۆحیەتی دینداری پەروەردە دەکەن، ئەمەش کاریگەری باشی بۆ سەر ڕەوشی ئافرەتان هەیە.






taybzyarati@gmail.com